کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 23:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە دایک بوونی کارەبا ... رزگار سیان

هەولێر

ئەم جارەش وەکو هەموو سالانێکی ڕابردوو ئەم سالێش موژدەی لەدایك بوونی کارەبایەکی (20) کاتژمێری لە مانگی2007/6 دا بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان ڕاگەیانرا بە تایبەتی بۆ هەولێر و سلێمانی. من لێرەدا دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئەو خەمخۆرییە و هەولدانەتان بۆ ئارامی و ڕوناك کردنەوەی مالە فەقیراندا چونکە تەنها چینی خوارەوەی کەم دەرامەت لەو کارەبایە سالانێکە بێبەش بوبوون، بەلام داخەکەم نە سپلیتم هەیە نە ئامێرێکی زۆری کارەبایی تا هەقی ئەو چەند سالەی ڕابوردووی لێبەکەمەوە چونکە بەشە کارەبایی یەکەی خەلکی ستەمدیدە تەنها گەورەکان و چینی بە دەسەلات و سەرمایە دارەکان خواردیان یاخوا ئەو مووژدەیە بە تەواوی لە دایك بوبێ و لە ماوەیەکی کەم دا ئەم کارەبایە کۆرپەلەیە ئیفلیج نەبێ داواکاریم لە حکومەتی هەرێم ئەوەیە کەوا



لێژنەیەك و بەدواداچونێك و پلانێکی هەبێت بۆ زیادە ڕۆیی یەکانی کارەبا چونکە بەردەوامی کارەباکە زیاتر دەسەلات و مالە پڕ ئامێرەکان سوودی لێ دەبینن و هەر ئەوان دەتوانن زیان بە بنکە سەرەکی یەکانی کارەبا بگەیەنن. ئێمەی مال وێران و کرێچی و بێ ئامێری مۆدێرن دەست بە کارەباوە دەگرین دەستگرتنەکە با بە گەورەکان ڕابگەیەنن داواش لە کۆمەلانی خەلکی هەولێر و سلێمانیش دەکەم لەو مووژدەیە دا لە سەرەتایی مانگی شەش ئاهەنگێکی گەورە بگێڕن و ئەو یادە هەموو سالێك بەرز و پیرۆز ڕابگرین و دەست بە کارەباشەوە بگرن بیخەینە ناو لاپەڕەی مێژووی سەرووەرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.